www.kurdistannet.org
14/03/2002 01:07

**پارتی و شەقێکی دیموکراسیانە !**

کەیهان عەزیز

# یەکێك قوربانیی دکتاتوریە تبی ، دکتاتو ر انە ڕەفتار ناکات

دوو حەوتە پاش بڕیاری داخستنی پارتی کار لەلایەن پارتیەوە، ووتارێکی ڕەخنەییم نووسیبوو، کەلەکۆتایەکەیدا بێزاری و نەفرەتی خۆمم بەرامبەر بەمکارەدزێوە دەربڕیبوو تێیدا ئاماژەم کردبوو:چۆن دەبێ پارتێك کەنێوی دیموکراتەوچەندین نازناوی وەك ( پارتی پارتان، پارتی بارزانی و. . . تاد) لەخۆ ناوە، شەرمی ناوونیشانەکەی وهەموو شەق سەرکوتوگەریەکانی بەعس دایناگری و بۆ خوی ی چێشتیش با نەدەبوا بەعس ئاساشەق بوەشێنی و رەفتاربکات. ئاخریەکێ لەژێر چەپۆکی دڕندایەتیدا نالآندبێتی وبووبێتەقووربانی چۆن دەبێتەدکتاتۆر!پاشان نووسیبوم گەر، پلوراليزم، سکۆلاریزم وئازادی بیروڕا، یان بەکوردیەکەی مێگەل ئاساخەڵك لێنەخوڕین پێناسەیەکی ، سەرەتایی دیموکراسی بی . ئەواپارتی کەنیوسەدە پترە نێوی دیموکراسی زەوتکردوە دەبوایەبەئەقڵیەتی پۆلیسی سوارە و ڕژێمی بەعس ڕەفتاری نەکردبایە، ١ – گۆڤاری (مۆم)کەبەرگری لەمافی ئازادی ژنان کردبوو، تالیبان ئاسا بەبیانووی هێرشکردنەسەر نەریت وکولتوورو ئیسلامەوە کلۆم نەکردبایە! ٢–پەیوەندیەکانی دەرەوەی پارتی کاری لەئەروپا، بەوبیانووەی مۆڵەتی لەحکومەتەکەی پارتی وەرنەگرتووەتاوانبار نەکردبایە! (واتە پارتی خۆی تووشی خیزوفرینیا نەکردایە، ڕۆڵ و نەخش وجێگای خاڵی بەعسی لەدەفتەرچەی یادەوەریەکانی خەڵکدابی دەسکاری ڕەهاکردایە!)٣ –چەند هۆیەکی تڕی ، کەسەردانی ئەندامێکی پارتی کارەبۆ ئسرایل وەك لۆژیکێك! بەکارنەبردایە !لەکاتێکداکەمترین کەسانێك هەن کەنەزانن سەرقافڵەی ئەم پەیوەندیەپارتی بووە. دەی کی دێ ودادگایی بکات!پاشان زووربەی دەوڵەتانی عەرەب چ بەنهێنی و ئاشکرا پەیوەندیان لەتەك ئسرایلدا بەرقەرارە، ئیدی پارتی شینی چ دەکابۆچی دەیەوێ کاسەی داغترلەئاش بێ؟!. ئەوەکوورتەی ووتارەکەبوو. ئیمساڵ ئەروپا لەحەفتەی دووەمی فیبروریدا سەرگەرمی کەرنەڤاڵ بوو، منیش لەخوێندنەوەی دوو کتێب کەیەکیان مەلابەختیار و ئەوی دی ڕێبین هەردی لەوەلآمدا بەو نووسیبووی تەواو ببووم، کەبۆ پشوویەك بەرەو بارێکی نزیك ماڵمان کەوتمەڕی . شەقام وبارەکان جمەیان دەهات، زووربەی خەڵك سەرگەرمی دانس وموزیك بوون، منیش هێشتابیرم لەتەوەرەی باسەکانی نێوان مەلابەختیارو ڕێبین هەردی رەهای نەبوبوو، بەتایبەت دیالۆگێکەجەمسەرێکی کادرێکی دەسەلآتدارە، ئەویدیکەی ڕۆشنبیرێکی ئازادەیە بێگومان لەدیالۆگێکی . ناهاوتای وادا جەمسەری ڕۆشنبیری ئازادەوغەیرە حیزبی دەبی ئاگای لە کۆمەڵی ڕێساویاسا، سنووری دیاریکراوی ڕەخنە، هێڵەسوورە بۆکێشراوەکان بی کەدەسەلآتداران وکادێرەکانی بۆی کێشاون. دەنا، بەدەردی بەکرعەلی ، نەزیرعومەر، گۆڤاری نڤارو مۆم دەچێ. چونکی ئەوەی ئیمڕۆ لەکوردستاندا دەرخواردی کۆمەڵگادەدرێ توێکڵی دیموکراسی یە! شانۆگەریەکی گاڵتەجاڕییە تێیدا ئارتیستەکانی ڕۆڵ ونەخشی دیموکراسی وازی دەکەن. هەربۆیەئەو ڕیتم ولۆژیکەی کەدەسەلآتداران و کادێرەکانی کاریپێدەکەن، دەنووسن ودەپەیڤن لەدەسەلآتیانەوە سەرچاوە دەگری ، بەدوورەلەهەر لۆژیکێکی زانستی ، نامۆیەبەگیانی ڕەخنەودیالۆگ. بەتایبەت لەووڵآتانی جیهانی سێهەمدا. کەوایە کاتی رۆشنبیری ئازادەو سەربەخۆ پێنووسی ڕەخنە ئاڕاستەی دەسەلآتداران ورۆشنبیرانی دەکاتەوە، ڕیسکێکی گەورە بەژیانی خۆی دەکات، هەرچەندە بەزمانی ڕێزولۆژیکیش (کاك، بەڕێز. . )بنووسێت وبپەیڤێت، هەردەبێ بەشێوەیەك لەشێوەکان ئوتوماتیکانە سانسوری خۆیبکات. بەدەم ئەم مونولوگەوە، گەیشتمەباڕەکەوبیرەیەکیشم داواکرد. ئیدی دانس وموزیك منی لەتەوەرەی باسەکان هێنابووە دەر، تاسەرنجی راسیستانەوپرتەوبۆڵەی چەندکەسانێك، سایەو دێوەزمەی

دیپۆرتی لێکردمە ڕاستیەك، بەشێوەیەکی وا ڕێك منی کردەوە بەوبەری پردەکەی برایمخەلیل دا !بەناچاری چوومە دەری ، ئەو ڕەفتارەودێوەزمەی دیپۆرت، باڵی بەسەرمدا کێشا، ڕێك ووتارەکەی ( پارتی وشەقێکی دیموکراسی )یم کەوتەوەبیر!، دڵخۆشبووم، شکانی کامپیوتەرەکەم، نەك سانسوری پارتی نەیهێشتبوو چاپیکەم!. وەبەرخۆمەوە دەمگووت:دەبێت ووتارەکە بدڕێنم !یاخود نێوو ناوەڕۆکی دەستکارییبکەم! بەڵام هیچیانم نەکرد!!.